# به مەراسیمیکی شایستە یادی نسرین خوارەحم بەرز راگیرا...



رۆژی شەممە ریکەوتی 30 جون، کات ژمیر 3 -6 پاش نیوەرۆ بە کاتی سدنی _ ئوستڕالیا بە ریورەسمیکی مۆدیرن و شاییستە، بۆ بەرز راگرتنی یادی نەسرین خوارەم ، کە رۆژی 25 جون بە مەرگیکی ناوەخت گیانی لە دەستدا ، مەراسیمیك لە لایەن کەسو کارو هاوریانیەوە ساز درا . لەم مەراسیمەدا کە زیاتر لە 300 کەس لە خەڵکی جۆراوجۆر ئامادە بوون بەرنامەکە بە کۆپلە شیعری ، دونیایەکی سەیرە گوڵم ، ی شاعیری ناوداری ئیرانی، ئەحمەد شاملو پاشان بەخیر هاتنی ئامادەبوان و دەقەیەك وەستانو بە مۆسیقایەکی خامۆشی ئەنتەرناسیونال دەستی پی کرد.



پاشان برگەکانی مەراسیمەکە بە خویندنەوەی ژیاننامەی نەسرین  و ووتەی ئەحمەد موعینی هاوسەری و نینای کچی و نەرمین و کوردەی خوشکی و پەیامی دایك و براو خوشکەکانی تری لە دەرەوەی ئوستڕالیا و پاشان ووتەی دلیر حمە ئەمین بەردەوامی بە مەراسیمەکە درا.

پاشان پەیامی ریبوار ئەحمەد وعادل و عایدە کە هاوریانی ئازیزی نەسرین بوون بە زمانی کوردی و عەرەبی خویندرایەوە.

هاوکات چەند پارچە شعر و پەخشان لایەن هاورییانی یەوە خویندرایەوە.

برگەی کۆتایی مەراسیمەکە خویندنەوەی چەندین پەیامی حزب و ریکخراوەو کۆمەلە جۆراوجۆرەکان بوو کە رەوانەی مەراسیمیان کردبوو.



بەشیکی تری بەرنامەکە نیشاندانی چەندین وینە بوو بە سلاید لەگەڵ لیدانی چەندین گۆرانی بە زمانی کوردی و عەرەبی و ئنگلیزی و تورکی کە جیگە ئارەزووی نەسرین بوون لە ژیانیدا.

شایانی ئاماژە پیکردنە کە هۆڵی مەراسیمەکە بە چەندین دەسکە گوڵی قەشەنگ و وینەی گەورەی ئەو رازینرابۆوە.

بەم شیوەیە بە ووتەی سوپاسگوزاری بۆ هاوپشتیو هاوکاری و ئامادەبونی هەموو لایەك كۆتایی بە مەراسیمە هات.

دەستەی بەریوەبەری مەراسیم

1جولای 2007- سدنی